# فریام كەوە ئەی مرۆڤ!!..



**هەستیار غەمگین**
Hastiar2006@yahoo.com

**چی لەوە حەزین و ئازاراویترە كەمرۆڤ بەگوێی خۆی دەنگی هاوارێك بژنەوێ و پڕبێت لەداماوی و بێدەسەلاّتی، داوای كۆمەكی لێبكرێت و ئەو نەتوانێت بەدەم داواكەیەوە بچێت؟!..**

**دەبێ مرۆڤ لە ئازاری ویژدانی هەرگیز ڕزگاری ببێت لەئاستی كردنی تاوانێك كەدەبەستی خۆی وئیرادەی خۆی نەبێت وواقیع وڕۆژگار بۆی بهێنێتە بەرهەم؟!!.**

**كێ لەئێمە گریانی منداڵێكی، بەتۆپێك یان میزەڵدانێك، یان هەر ئامڕازێكی دیكەی یاریكردن ژێركردۆتەوە؟!!. یان كێ لەئێمە ئەو پرسیارە لەخۆی دەكات:كە ئەمڕۆ چەند كارم ئەنجامداوە خزمەتی بەمرۆ ڤایەتی كردبێت. كێ لەئێمە ڕۆژێك لەڕۆژان بۆتە هۆی ئازارو ناڕەحەتی لایەنی بەرامبەرو، دواتریش هەستی بەئازاری ویژدانی كردبێت؟!.**

**هەریەك لەئێمە یمرۆڤ كەهێشتا لەجوغزی مرۆڤبونی خۆمان دەرنەچوین، هەوڵی ئەوەمانە كەڕۆژێك لەم جیهانە دەرچووین هەست بەتاوان نەكەین. ئێستا بۆیە باسی جوغزی مرۆڤبون ئەكەم چونكە مرۆڤ گەلێك هەن هیچ خەسڵەت وتایبەت مەندێكی مرۆییانە یان تیا نەماوە وبگرە لەئاژەڵێكی درندە خراپ تر مامەڵ ئەكەن، چونكە دڕندە تەنها لە كاتی برسی بوندا نێچیرێك ڕاو دەكات ودەیخوات، دوای ئەوە بەدەیان نێچیر لەبەردەمیدا هەڵبەزو دابەز بكەن بەلایاندا ناچێت، بۆ؟ لەبەر ئەوەی تێرە. بەلاّم ئەو مرۆڤانەی كە تێر دەبن و مەستن ئەو كات گیانی مرۆ ڤەكان هەڵئەلوشن.**

**ئێستاش ئەو سیمایەم لەبەر چاوەو هەرگیز بیرم ناچێتەوە كە لەئێوارەیەكی درەنگ و حەزینی ئەم شارەدا لەنێو تەكسیە كەوە سەری دەرهێنابوو ئەیووت:(فریام كەوە ئەی مرۆڤ!) من دەنگە كەیم لەپڕ هاتە بەر گوێ شڵە ژام، كاتێك ئاوڕم بەلای خاوەنی دەنگە كەدا دایەوە، تەماشام كردسیمای كچێكبوو كە ئازار تەواوی ڕووخسای شێواندبوو. قژی ئاڵۆسكاو دەموو چاوی بریندار، تەنها جێگایەك كەبەباشی كاری دەكرد دەمی بوو..هەر هاواری دەكرد"فریام كەوە.. فریام كەوە ئەی.. ئەی مرۆڤ فریام كەوە ئەی گەنج!ئەی ئەو كەسەی لەجوغزی مرۆڤدایت وهێشتا نەشتەری هیچ جەللادێك نەت گەییشتۆتێ!"لەو كاتەدا كەمن خەریكبوو بەدەمیەوە بچم تەكسیەكە وەستا، منیش چوومە پێشەوە تاوەكو بزانم بۆوا لەو**

ئافرەتە دەكەن. ناو تەكسیەكە سێ كەسی تیابوو..وتم:چیتان لەو كچە دەوێت؟! بۆوای بەسەر دەبەن؟ مەگەر تاوانێكی كردووە؟! هێندەم زانی یەكێك لەوان دابەزی ودەمانچەیەكی بەرەو ڕوم ڕاگرت وئاماژەی پێكردم بەزووترین كات ئەو جێگایە جێبهێڵم. پیاوێكی كەتەو زلبوو هەر لەو كەسانە بوو كە ئاو خواردنەوە وكوشتنی مرۆڤی لەلا یەك شتبوو. وتم باشە دەڕۆم بەڵام حەزم كرد بزانم بۆچی ئەو كچەبەو دەردە دەبەن؟ ئەو تەنها یەك وشەشی نەوت، ئەوەندە نەبێت كەبە خێرایی پاڵێكی پێوەنام.. ویستی بمكوژێ.. بەڵام بۆ ئەو كارەی نەكرد نازانم؟ بۆ دواجار كەتەماشای نێو تەكسیەكەم كرد سەرم بەتەواوی سوڕما لەو پەرجووەی كەبینیم!. كچەكە هێندە بەتاسەو ئیشتیاقەوە لەمنی دەڕوانی وەكو ئەوەی من فریشتەی ڕزگاری ئەو بم.. بەڵام ئەسەف توانا سەرابییەكانی من نەیانتوانی تینوێتی  نیگاكانی ئەو بشكێنێت. دواتر كەویستم ئەو شوێنە بەجێبهێڵم وبڕۆم لە ناخەوە ڕوخاو تەواو گیانی داهێزرا. چاوەكانی بەجۆرێك لێی ڕوانیم وەكو ئەوەی تاوانێكم كردبێت وە بەدڵنیاییەوە كەكردیشم.. چاوەكانی پڕبوون لەهاواروداواكاری، پڕبوون لەگلەیی لەتەواوی مرۆڤایەتی. لەو ڕۆژەوە تاكو نوسینی ئەم تێكستە، هەست بەتاوانێكی گەورە ئەكەم وئازاری ویژدانی ناخی تعەواو خواردووم. چونكە نەمتوانی كەسێك ڕزگار بكەم كە بەهەموو گیانی داوای یارمەتی لێدەكردم، بەڵام من نەمتوانی. خۆ ڕەنگە ڕۆژانە دەیان تاوانی لەم چەشنە ئەنجام بدرێت ولەو جۆرەی كەكاری كردە سەرم قورستربێت. بەڵام ئەوانە داوای یارمەتیم لێناكەن. زۆرم لەلا گرانە كەمرۆڤ هەمیشە یەك ئاڕاستە بیر كردنەوەی نیە، ئەگینا زۆرم حەزدكرد لەو كاتەدا منیش بكوژرامایەو ئەو هەموو ئازارە ویژدانیەم نەهاتایە ڕێگا...

تكائەكەم بمبەخشە، تۆ كەهەمیشە سیمات لەبەرچاومایەو گشت لەحزەیەكم ئەو ئێوارەیەیە كەهاوارت لێكردم (فریام كەوە) بەڵام من نەمتوانی تكا ئەكەم بمبەخشە ئەو تۆو هەموو هاوچەشنەكانت...